

راپۆرتێک لەبارەی:

# مامەڵەی حکومەت لەگەڵ شوێنەوارەکانی گەرمیان

شوباتی 2025

# بەشی یەکەم: ناساندنی شوێنەوارەکانی گەرمیان

## پێشەکی:

گەرمیان بە یەکێک لە ناوچە دەوڵەمەندەکان دادەنرێت لە روی شوێنەوارەوە، ئەمەش بەپێی ئەو شوێنەوارانەی چەند سەردەمێک کە دۆزراوەتەوە مێژوەکەیان (٤٥٠٠ بۆ ٥٠٠٠ و هەتا ١٠٠٠٠) ساڵ پێش زاین ژیان تیایدا بەردەوام بوە. ژمارەی ناوچە شوێنەوارییەکان زۆرن، بەشێکیان هێشتا نەزانراون، بۆیە لەخوارەوە ئاماژە بە دیارترینی ئەو شوێنەوارانە دەکەین کەلەلای بەڕێوبەرایەتییەکانی شوێنەواری سنورەکە تۆمارکراون و سەرپەرشتی دەکرێن.

## ١. قەڵای شێروانە

قەڵای شێروانە دەکەوێتە سەرەتای شاری کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان بەئاراستەی باشوری رۆژهەڵاتی شاری کەلار، ١٥٠٠ مەتر لە ناوەندی شاری کەلارەوە دورە، ١٢٦ کیلۆمەتر لە سلێمانییەوە دورە، بەپێی زۆرێک لە سەرچاوە و بۆچونەکان قەڵاکە لە سەردەمی (محەمەد پاشا کەیخوسرەوی جاف) لەساڵی ١٨٦٦-١٨٧٤دا دروستکراوە.

قەڵاکە لە دونهۆم و ژێرزەمینێک پێکهاتوە و روبەرەکەی لە ٢١٢ مەتر دوجایە. ئەم پاشایە قەڵاکەی بۆ جێی حەوانەوەی خۆی وەک بنکەیەکی ئیداری بۆ کاروباری هۆزەکەی بەکارهێناوە.

## ٢. کۆشکی حەوش کورو

ئەم کۆشکە دەکەوێتە گوندی حەوش کوروی سەر بە ناحیەی قۆرەتو- خانەقین بە دوری ٢٦ کم لە باکوری خۆرهەڵاتی شاری کەلار. روبەری ئەم کۆشکە ٥٣٠٠ مەتر دوجایە، دو نهۆمە، ئەگەرچی بەشێکی زۆری روخاوە.

بە پێی سەرچاوە مێژوییەکان پێدەچێت مێژوی دروستکردنی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکومرانی (خەسرۆ پەروێز)ی پادشای ساسانییەکان لەماوەی (٥٩٠-٦٢٨) زاینی. ئەم کۆشکە تەنها (٧) کم لە کۆشکی قەسری شیرینەوە دورە، لەهەمانکاتیدا لە روی بیناسازییەوە هاوشێوەی یەکترن.

## ٣. قەڵای پاشا (کۆشکی مەحمود پاشای جاف)

دەکەوێتە گوندی تازەدێ بەدوری ٩ کیلۆمەتر لە باکوری رۆژهەڵاتی شاری کەلار. ئەم پاشماوەیە کۆشکێکی دو نهۆمییە، زیاتر لە کاروانسەرایەک دەچێت بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی تێیدایە، بەڵام بیناکە بە قەڵای پاشا ناوبانگی هەیە.

کۆشکەکە لەلایەن مەحمود پاشای جافەوە دروستکراوە و مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم، جگە لەبینا سەرەکییەکە لای سەروی رۆژهەڵاتەوە بینایەکی دیکەی لاکێشەی هەیە، کەپێدەچێت تەرخانکرابێت وەک تەویلە بۆ ئەسپ و ئاژەڵی باربەر، لای رۆژئاواشەوە بینایەکی دیکەی بچوک هەیە کە پێکهاتوە لە ژور و دیوەخانێک بەسەر بەرزاییەکەوە دروستکراوە، پێدەچێت وەک وێستگەیەکی پێشوازی بۆ کۆشکەکە بەکارهێنرابێت.



## ٤. باجكەی پەیكوڵی

دەكەوێتە نێوان گوندی پەیكوڵی و بەركەل نزیكەی (٦٠) كیلۆمەتر لە باكوری رۆژئاوای شاری كەلارەوە دورە، ئەم باجكەیە لەكۆتایی حكومرانی عوسمانییەكان وەک شوێنێک بۆ وەرگرتنی باج لەو كاروان و خێڵانەی بەناو پەیكوڵیدا تێپەریون دروستكراوە، هەروەها بۆ چاودێریكردنی سەلامەتی كاروانە بازرگانییەكان، لەسەردەمەكانی دواتردا وەک بینای ئێشكگری پۆلیس بەكارهاتوە.

## ٥. جۆگەی گاوری

ئەم جۆگەیە لە باكوری خۆرهەڵاتی كەلار لە كەناری روباری سیروانەوە دەستپێدەكات، بە چەند قۆناغێک ناوەندی شار دەبرێت و بە ئاراستەی باشور درێژ دەبێتەوە. مێژوی ئەم جۆگەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەكان، بەڵام نازانرێت لە سەردەمی چ پاشایەكدا دروستكراوە، ئەگەرچی هەندێک بۆ چون هەیە لەسەردەمی حكومرانی (كیسرا ئەنوشیروان) دروستكراوە، لەكاتی نۆژەنكردنەوەیدا چەند هێمایەكی پەهلەوی تێدا دۆزراوەتەوە.

## ٦. گۆڕ گڵێنەكانی بەرلوت

بریتین لە شوێنەواری دو گۆڕی گڵێنەیی كە لە گوندی بەرلوتی سەر بە كەلار دۆزراونەتەوە بە دوری (٧) كم لە باكوری خۆهەڵاتی شاری كەلار. پێدەچێت گۆڕی ژن و مێردێک بن، یەكێكیان گۆڕی ژنێكە كۆمەڵێک پاشماوەی وەک كلدان و مور و كەمەربەندی تێدا دۆزراوەتەوە. مێژوی ئەم گۆڕانە بۆ (١٥٠ی پێش زاین بۆ ٢٨٨ زاینی) دەگەڕێتەوە.

## ٧. گردی رەحیم

ئەم شوێنەوارە دەكەوێتە رۆژئاوای ناحیەی رزگاریی بە دوری (٧) كم لە باكوری رۆژئاوای شاری كەلار. بەرێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان ساڵی ٢٠١٢ بۆ ماوەی یەک وەرز كاری كنەوپشكنینی تێدا ئەنجامدا، گڵێنەی نەخشێنراوی شارستانی حەلەف و بینای بازنەی شێوازی سولی تێدا دۆزرایەوە. ئەم نیشینگەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شارستانی حەلەف لە چاخی بەردینی كانزایی (هەزارەی پێنجەمی پێش زاین).

## ٨. قولەی گوندی ئەحمەد قادر

ئەم قولەیە (٣٢) كم لە باكوری رۆژهەڵاتی كەلارە، یەكێكە لەو قولانەی نێوان كەلار دەربەندیخان بە كەناری روباری سیراوان دروستكراون. مێژوی دروستكردنی ئەم قولانە رون نییە، پێدەچێت لە كۆتایی حكومرانی عوسمانییەكان دروستكرابن و پێدەچێت وەک یەكەیەكی چاودێریی بەكارهاتبن بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە سەربازییانەی لە قولەكاندا هەیە.

بەشێوەیەكی گشتی ئەم قولانە پێكهاتون لە دو نهۆم، یەک دەرگای سەرەكییان هەیە، لە نهۆی یەكەمدا نزیكەی (١٠) كونە مەترێزی تێدایە، لەگەڵ ئاگردانێكی گەورە و دو ژوری بچوک.





## ٩. سەرای کفری

ئەم سـەرایە دەکەوێتە بەشـی ڕۆژئاوای شـاری کفری، لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لە سـاڵی (١٩١٩) دروسـتکراوە. پێکهاتوە لە دو نهۆم و حەوشـەیەکی گەورە، بە بەردی داتاشـراو و مادەی قسڵ دیوارەکانی دروسـتکراوە، ئاسنیش لە سـەقفەکەیدا بەکارهاتوە. سـەرای کفری تا حەفتاکانی سەدەی رابردو وەکو بینای دادگا و چەندین فەرمانگەی دیکەی حکومی بەکارهاتوە.

## ١٠. شوێنەواری گۆڕە گردۆڵکەی سەرقەڵا

ئـەم شـوێنەوارە دەکەوێتە ناحیەی (سـەرقەڵا/ کفری) بە دوری (١٣) کم لە باکوری ڕۆژئاوای شـاری کەلار. تیمی بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان ژوڕێکی لاکێشەیی لە خشت دروستکراوی تێدا دۆزییەوە کە لەکاتی خۆیدا لە ناو گردێکی سروشـتی دروستکراوە و پاشـان داپۆشـراوە بە هەمـان بەرد و گڵـی گردەکە، کە وەک گـۆڕی بنەماڵەیـەک بەکارهاتوە و ئێسـکەپەیکەری (١٠) مرۆڤی تێدا دۆزراوەتەوە.
دەتوانرێت مێژوی ئەم گۆڕە بۆ سـەردەمی ئەشـکانیەکان لەنێوان ساڵانی (٥٧-١٩١)ی زاینی دیارییبکرێت.

## ١١. پردی ئەڵوەن

ئـەم پردە دەکەوێتە ناوجەرگەی شـاری خانەقین، لەسـەر داوای محەمەد عەلی میرزایی فەرمانڕەوای کرماشان و کوڕی شای ئێران، لەسـاڵی ١٨٦٠ـی زاینیدا لە ناوەڕاستی شـاری خانەقین لەسەر روباری ئەڵـوەن بنیاتنراوە. ئەم پردە هەردو بەشـەکەی کەناری خۆرهـەڵات و خۆرئاوای خانەقین پێکەوە دەبەسـتێتەوە و بوەتە هێمای شاری خانەقین.

## ١٢. قەیسەری کفری

یەکێکە لە قەیسـەریە گەورە و گرنگەکانی کوردسـتانی باشـور، مێژوەکـەی دەگەڕێتەوە بۆ سـەدەی نۆزدەهـەم، ژمارەیەکی زۆر دوکانـی لە خۆگرتوە جگە لە چەندین خان لەوانە: خانی خەڵوز، خانی مەلا عەباس «خان گەنم» و خانی موحسین ئاغا.
قەیسـەرییەکە کۆمەڵێک یەکەی بیناسـازی هەیـە وەک: گومەز، عەقـد، تاقـی کەوانەیی جۆراوجۆر و دەروازەی فـراوان، هەروەها شێوازی خان و بینای دو نهۆمی بەدیدەکرێت.
قەیسـەری کفری بنکەیەکی گرنگی بازرگانی سەردەمی خۆی بوە لە ناوچەکەدا کە لە چەند ئاراسـتەیەکەوە قافڵەی بازرگانی روی لە دەروازەکانی کردوە.

## ١٣. گەرماوی کفری

ئـەم گەرمـاوە دەکەوێتە ناوەندی خانـوە کەلەپورییەکان و نزیک قەیسـەری شـاری کفری دروسـتکراوە، لەروی نەخشەسـازییەوە هونەرێکـی تایبەتی تێـدا پەیرەوکراوە، لەروی گەرمی و روناکی و دابەشـکردنی بۆ دوبەشی سەرەکی دەگەڕێتەوە (گەرماوی گشتی و گەرماوی تایبەت).

## ١٤. خانوه کەلەپوورییەکانی کفری

خانوه کەلەپوورییەکانی کفری بەشێکی زۆری شارەکە پێکدەهێنن، ئـەم خانوانە بە کۆمەڵێک یەکەی بیناسـازی و زەخرەفەی گرنگ رازێنراونەتەوە، جگە لەمانـەش ئەم خانوانە لەرابردودا کۆمەڵێک یادگاریی و هەندێک روداوی سیاسـی و هونەری و رۆشـنبیرییان بەخۆوە بینیوە، کە لەئێسـتادا جگە لە گرنگییە شوێنەوارییەکەی گرنگی مێژوییشیان هەیە.

نمونەی هەندێک لە خانوە کەلەپورییەکانی کفری، خانوی سـەید موحسـین ئاغایـە، ئـەم خانـوە دو کۆبونـەوەی لە نێوان شـێخ مەحمودی حەفید و هەردو دەسەڵاتی ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراقـی تێـدا ئەنجام دراوە، هەندێک کەلوپەل و پاشـماوەی ئەو کۆبونەوانە لەم خانوەدا ماونەتەوە.

## ١٥. کۆشکی مەجید پاشا

دەکەوێتـە رۆژئـاوای شـاری کفـری و لەلایەن (مەجید پاشـای قادربەگ)ـەوە دروسـتکراوە. مێژووەکەی دەگەڕێتـەوە بۆ کۆتایی سـەدەی نۆزدەیەم. کۆشـکەکە پێکهاتوە لە دونهۆم و چەند ژور و دیوەخانێک، هەندێک لەم بەشـانە بە نەخشی روەکی و ئاژەڵی ئەندازەیی رازێنراوەتەوە.

## ١٦. ئارامگای باوەشاسوار

ئەم ئارامگەیە دەکەوێتە لاپاڵی باوەشوار، کۆمەڵێک ئارامگەن کە مێژوی هەندێکیان دەگاتە (١٥٠) ساڵ لەمەوبەر. ئارامگەکان چەند شـێوازێک لەخۆ دەگرن، ئارامگەی تـاک ژور، سـێ ژور، یان زیاتـر. ئەمانە ئارامگەی خێزانین و لە روی هونەرییەوە گرنگـی تایبەتـی خۆیان هەیـە، چونکە سـتایلێکی بیناسـازی تایبەتیـان تیادا بەکارهێنراوە.

## ١٧. ئاسیاوی قازی

ئەم ئاسـیاوە دەکەوێتە نزیک گۆڕسـتانی باوە شاسوار و یەکێکە لەو ئاشە ئاویانەی کە لە کەنار چەمی باوەشاسوار لە دەشتی کفری دروسـتکراوە. ئەم ئاشە قولەیەکی لولەیی هەیە کە بەرزیەکەی (٦) مەترە و دو ژوری تیایە.



دیمەنێکی ئاسـیاوی قازی
فۆتۆ: مەریوان نەریمان



## ١٨. نەخشی دەربەندی بێلولە

ئەم نەخشە لە بەرزایی نزیکەی (١٥٠) مەتر لە قەدی چیای دەربەندی بێلولە لە نزیک گوندی بێلولە لە ناحیەی مەیدان، هەڵکۆڵراوە. ئەم نەخشە (٩٠) سم درێژە، جەنگاوەرێک نیشاندەدات کە پێی خستۆتە سەر سنگی یەکێک لە دوژمنەکانیەوە و ئەوەی دیکەیان لەسەر چۆکە و لەم جەنگاوەرە دەپاڕێتەوە.
سەبارەت بە مێژوی نەخشەکە بۆ چونی جیاواز هەیە، کە هەندێکیان دەیگەڕێننەوە بۆ کۆتایی هەزارەی دوەم و سەرەتایی هەزارەی سێیەمی پێش زاین.

## ١٩. گۆڕ دەغمەکانی کفری

کۆمەڵە ئەشکەوتێکی بچوکی دەستکردی مرۆڤن، دەکەونە باکور و باکوری خۆرهەڵاتی شاری کفری، لە تەپۆڵکە بەردینەکانی باوە شاسوار هەر یەکە لەم دەغمانە چەند گۆڕێکی تێداهەڵکەندراوە بەبێ گوێدانە ئاراستەی گۆڕەکان.

## ٢٠. شاخی کورە

یەکێکە لە شوێنەوارە گرنگ و دەگمەنەکانی گەرمیان و کوردستان، بە یەکێک لە کۆنترین شوێنەوارەکانی ناوچەکە دادەنرێت، دەکەوێتە گوندی بان ئاسیاوی سەر بە ناحیەی کۆکس «کولەجۆ» لەقەزای کفری، شوێنەوارەکە چەند قۆناغێکی نیشتەجێبونی تێدایە کە لە هەزارەی پێنجەمی پێش زاینەوە دەستپێدەکات، لەسەردەمی کاڵکولیسیکی پێنجەمەوە (٤٤٠٠ پێش زاین) هەتا سەردەمی جەمدەت نەسر «جمدة ن×ر» (٢٩٠٠ پێش زاین)، گرنگترین قۆناغی نیشتەجێبونی شوێنەوارەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆتایی وەرکا.

# بەشی دوەم: کێشەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی کەرتی شوێنەوار لەگەرمیان

## ١. نەبونی بودجە

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بڕیاریدابو بڕی (٩٠٠) ملیۆن دینار بۆ پەرەپێدان و پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکانی کوردستان خەرج بکات، بۆ هەمو بەڕێوبەرایەتیەکانی شوێنەوار کە ١٢ بەڕێوبەرایەتیە. بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، ئەم پارەیە بە بڕێکی کەم دەزانێت سەرباری ئەوەش وەکو خۆی خەرج ناکرێت.

ساڵح محەمەد سەمین، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: حکومەتی هەرێم بەپێی پێویست گرنگی بە شوێنەوار نەداوە، هەرچەندە لە چەند ساڵی رابردودا بڕیاردرا بە خەرجکردنی بڕی ٩٠٠ ملیۆن دینار، بەلاَم ئەمە پارەیەکی زۆر کەمە بۆ هەمو بەڕێوبەرایەتیەکان.

دەشڵێت: هەر بەڕێوبەرایەتییەک (٨٠) ملیۆن دینارمان بەردەکەوێت، ئەم بڕەش هیچ پرۆژەیەکی شوێنەواری پێ ناکرێت، بەداخەوە ئەو پارەیەش کە دانراوە بۆ پەرەپێدانی شوێنەوارەکان بەو شێوەیەی دانراوە خەرج نەکراوە، لە ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤وە (١٧) پرۆژەمان لە وەزارەتی داراییە، تەنها یەک پرۆژەمان بۆ هاتوەتەوە کە ئەویش بەهۆی نەبونی پارە لەبانکدا پارەکەیمان بۆ خەرجنەکراوە.

ئاماژە بەوەشدەکات: بەهۆی نەبونی بودجە و بێپلانی حکومەتەوە، بەشێکی زۆری شوێنەوارەکانی گەرمیان بە بەرچاومانەوە بەرەو روخان و لەناوچون دەچن، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەها مێژویی و کەلەپورییەکەی.

هاوکات عوبێد محەمەد، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری، دەڵێت: بۆ پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان دەرخستە دەکەین بۆ وەزارەتی دارایی و رەزامەندی لەسەر دەدات، بەلاَم پارەمان بۆ خەرج ناکرێت.

دەشڵێت: بەهۆی خەرجنەکردنی پارە بۆ پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان، ساڵ لە دوای ساڵ شوێنەوارەکان زیاتر روبەڕوی داروخان دەبنەوە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لە سەر زیادبونی بڕی تێچوی نۆژەنکردنەوەیان، هەندێک شوێن کە نەڕوخاون تێچویان کەمترە.

ئاماژە بەوەشدەکات: بەشێک لەو شوێنانەی نۆژەنکردنەوەی پێویستە رەزامەندیان بۆ وەرگیراوە، بەلاَم پارەیان بۆ خەرج ناکرێت، شوێنێکی شوێنەواریی وەک ماڵی مەجید پاشای بابان ٥٠٪ی روخابو، ئێستا ٩٥٪ی روخاوە، ٧ جار رەزامەندی بۆ وەرگیراوە کەچی پرۆژەکە ئەنجام نەدراوە، پێشتر کە دەرخستەی بۆ کراوە بڕەکەی (١٩٩) ملیۆن دینار بوە، ئێستا (٣٠٢) ملیۆن دیناری پێویستە.

زیاتر لەوبارەیەوە وتی: داوا لە حکومەت و رێکخراوەکان دەکەم بەهانای شوێنەوارەکانی کفرییەوە بێن، کفری شارێکی شوێنەوارییە، بەشێک لە شوێنەوارەکانی مەترسی لەناوچونی هەیە، پێویستی بە بودجە هەیە بۆ ئەوەی لە روخان بیانپارێزین، با کفری بکەین بە شارێکی شوێنەواریی.

هاوکات مامۆستایەکی زانکۆ، دەڵێت: حکومەت بەزیندو هێشتنەوەی شوێن شوێنەواری و کەلەپورییەکان تاڕادەیەکی زۆر فەرامۆشکردوە.

مەبەست عەلی، خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە شوێنەوار، دەشڵێت: لە رێگەی دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت بە پارێزگاریکردنی شوێنەوارەکان، حکومەت دەتوانێت رۆڵی کردەیی هەبێت بۆ پارێزگاریکردن لە شوێنەوارەکان، لە ئاستی جیهانیشدا بەو شێوازە مامەڵە لەگەڵ ئەم بوارەدا دەکرێت.

نەبونی بودجە رێگرە لە بەردەم شوێنەوارناسان کاری هەڵکۆڵین بۆ شوێنە شوێنەوارییەکان ئەنجام بدەن.

نەوزاد لەتیف، شوێنەوارناس لە بەشی پشکنینی بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: ژمارەیەکی زۆر شوێنی شوێنەواریی هەیە بەهۆی نەبونی بودجەی پێویستەوە ناتوانین کاری هەڵکۆڵینی بۆ ئەنجام بدەین، بۆ زانینی گرنگی شوێنەوارەکە پێویستە هەڵکۆڵینی بۆ بکەین، پێش ئەوەی روبەروی تێکدان و لەناوچون ببنەوە گرنگە بیانپارێزین.

## ٢. جیاوازی کردن لە نێوان شوێنەواری شارەکان

«سەرەرای گرنگینەدانی حکومەتی هەرێم بەشوێنەوار، جیاوازیش دەکرێت لەگەڵ بەڕێوبەرایەتیەکانی شوێنەواری شارەکان».

ساڵح محەمەد سەمین، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، وای وت.

دەشڵێت: کاتێک رێکخراو و زانکۆ بیانییەکان دێنە هەرێم، زیاتر هاندەدرێن کە رو لە شوێن و شارێکی کوردستان بکەن بە بیانوی هەندێک هۆکاری وەکو «بونی نائارامی ئەمنی لە سنوری ئێمەدا»، لە کاتێکدا هیچ گرژی و نائاراميیەک لە سنورەکەماندا نییە و تیمی بیانی هاتوەتە گەرمیان کاری کنەوپشکنینیان ئەنجامداوە بەبێ بونی هیچ گرفتێکی ئەمنی.

ئاماژە بەوەشدەکات: بە پێی ئەو زانیارییانەی هەمانە، کاتێک رێکخراو و زانکۆ بیانیەکان پارە بۆ نۆژەنکردنەوەی شارەکان دەهێنن، شوێنەواری شارێکی کوردستان گرنگی زیاتری پێدراوە و ئاراستەی ئەویان دەکەن، ئەو تیمانەی دێنە گەرمیان و کاردەکەن، ئێمە هیچ گرفتێکمان لەگەڵیان نییە، بەلاَم کاتێک دەگاتە پارە و نۆژەنکردنەوە، کەس بۆ ئێرە نایەت.

## ۳. گرنگیندان بە گەشتیارییکردنی شوێنەوار

حکومەت نەیتوانیوە سود لە شوێنە شوێنەوارییەکان ببینێ لە روی بە گەشتیارییکردنی و وەک سەرچاوەیەکی بەدەستهێنانی داهات بەکاریبهێنێت.

سالّح محەمەد سەمین، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: لە گەرمیان کۆمەڵێک شوێنەواری گرنگ هەیە، کە حکومەت بە خەرجکردنی پارەیەکی کەم داهاتێکی زۆر لە ڕێگەی بەگەشتیارییکردنیەوە بەدەستدێنێت.

دەشڵێت: بەداخەوە نەتوانراوە بە پێی پێویست شوێنەوارەکان نۆژەن بکرێنەوە، بۆ ئەوەی وەکو شوێنێکی شوێنەواری خەڵکی سەردانی بکات و سەرچاوەی بەدەستهێنانی داهات بێت، تەنها قەڵای شێروانە و بازاڕی قەیسەر کفری هەیە کە گونجاو بێت بۆ ئەوەی خەڵک سەردانی بکات.

ئاماژەی بەوەشکرد: بڕیار هەیە سەردانکردنی قەڵای شێروانە بکرێت بە بلیت، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا نەمانتوانیوە بکەین، بەهۆی نەبونی فەرمانبەر و پاسەوان و ئەو دۆخە ئابورییەی خەڵکی تێیدایە.

هاوکات مەبەست عەلی، پسپۆڕی شوێنەوار و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، دەڵێت: پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان شوێنەوار و گەشتوگوزاردا هەیە، لە هەندێک لە وڵاتان گەشتوگوزاری کەلتوری یەکێکە لە باوترین جۆرەکانی گەشتوگوزار، کە داهاتی سەرەکییان لەو ڕێگەیەوە دەستدەکەوێت.

دەشڵێت: لە کوردستاندا سەرەڕای ئەوەی خاوەن مێژویەکی دەوڵەمەند و گرنگین، بەڵام نەمانتوانیوە لە روی گەشتیارییەوە سودی لێ ببینین.

ئاماژە بەوەشدەکات: هاوکات دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان گەشتوگوزار و شوێنەواردا، ڕێگایەکە بۆ بوژانەوەی شوێنە شوێنەوارییەکان.

«پێویستمان بە هاوکاری بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشتوگوزارە، شوێنەوار و گەشتوگوزار هاوتەریبن، بەو پێیەی ئەوان بەڕێوبەرایەتی گشتین، دەسەڵات و توانای مادییان زیاترە، شوێنەوارێکی گەشتیاری نۆژەندەکرێتەوە، ئێمە ئاگاداریان دەکەینەوە پلانیان چییە بۆی؟». سالّح محەمەد سەمین، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوارو کەلەپوری گەرمیان، وای وت.

لە بەرامبەردا هێرش فەیزوڵڵا، بەڕێوبەری گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان، دەڵێت: لە روی گەشتیارییەوە گرنگی دەدەین بەو شوێنانەی کە شوێنی شوێنەواریی زۆریان تێدایە، وەک شاری کفری، ئەمەش بۆ زیندوکردنەوە و راکێشانی خەڵکی، لەم ڕێگایەشەوە بایەخمان داوە بە پرۆژەی گەشتیاریی لە سەر بەنداوی باوەشاسوار، ڕێکارەکانی تەواو بوە، بە ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە جگە لەوەی دەبێتە شوێنێکی گەشتیاریی، لە ڕێگەیەوە دەتوانین شوێنە شوێنەواری و کەلەپورییەکان بەو گەشتیارانە بناسێنین کە خەڵکی دەرەوەی هەرێمن.

دەشڵێت: لە ساڵی رابردوەوە هەمو نوسینگە و کۆمپانیا گەشتیارییەکانمان پابەندکردوە رازی نابین پاسێکی گەشیاریی لە خواروی عێراقەوە بێت راستەوخۆ بڕوات بۆ سەیرانگای شارەکانی تر، بەڵکو دەبێت مۆزەخانەی شارستانی و کەلەپوریان لە سنورەکەدا پێ بناسێنرێت کە لە ڕێبەر و پروشورەکان دیاریمان کردوە، ئەو کات بەرێدەکەون بۆ شوێنی مەبەستیان.

ئاماژەش بەوە دەکات: داهاتی گەشتیاری کە ساڵانە (١٥ تا ٢٠) ملیۆن دینارمان هەیە، هەمویمان تەرخانکردوە بۆ دروستکردنی کۆڕنیش لەسەر بەنداوی باوەشاسوار و چەندین خزمەتگوزاری دیکە بۆ حەوانەوەی گەشتیاران لەسەر بەنداوەکە، لەکاتی هاتنی میوانیشدا ڕێبەری گەشتیاریمان دەبێت دەیانباتە سەرا و قەیسەری و مۆزەخانەی کفری «لەم ڕێگایەوە کار لەسەر بەگەشتیارییکردنی شوێنەوارەکان دەکەین».

«بۆ راکێشانی گەشتیار بۆ شوێنەوارەکان، پێویستمان بە میکانیزمی سەردەمیانە و پەرەپێدانی بەردەوام هەیە، ئەو خزمەتگوزارییانەی لە روی گەشتیارییەوە بۆ شوێنەوارەکان پێویستن ئەنجام بدرێت». مەبەست عەلی، پسپۆڕی شوێنەوار و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، وای وت.

دەشڵێت: دەیان کۆمپانیامان هەیە وەبەرهێنان لە بوارە جیاوازەکاندا دەکەن، جێگەی پرسیارە بۆچی کۆمپانیایەک حەزی بە وەبەرهێنان لە سێکتەری شوێنەوار و گرنگیدان بە شوێنەوارەکاندا نییە؟

هاوڵاتییەکیش رەخنەی پەراوێزخستنی ئەم بوارە دەگرێت.

شوان جەلال، مامۆستا، وتی: دەکرێت شوێنەوارەکان بکرێن بە سەرچاوەیەک بۆ راکێشانی گەشتیار، نەک ئەمە نەکراوە، بەڵکو شوێنەوارەکان هێندە پەراوێزخراون، خەریکە بە کاریگەریی روداوە سروشتییەکان بەرەو لەناوچون دەچن.

### ٤. خراپی ڕێگاوبانی ناوچە شوێنەوارییەکان

خراپی ڕێگاوبانی ناوچە شوێنەوارییەکان یەکێکی دیکەیە لە گرفتەکانی پەیوەندار بە پرسی شوێنەوار.
ساڵح محەمەد سەمین، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: داواکارین هەر شوێنەوارێک کە لەم سنورەدا هەیە تەنها بە موڵکی شوێنەوار نەزانرێت، بەڵکو وەکو موڵکی ئەو شار و ناوچەیە سەیر بکرێت، بۆنمونە لە کەلار قەڵای شێروانە تەنیا شوێنەوارە کە سیمایەکی گەشتیاریی هەبێت، کەچی ڕێگاوبانەکەی شیاوی ئەوەنییە لە ناوشارێکدا بێت، نەک بۆ شوێنێکی شوێنەواریی.
دەشڵێت: بەمەبەستی چاککردنی ڕێگای قەڵای شێروانە، چەندینجار داوامان لە شارەوانی کردوە کە هاوکارمان بن لە چاککردنیدا، دەرخستەمان بۆ سەروی خۆمان بەرزکردوەتەوە، بەڵام هیچمان بۆ نەکراوە.
لەبەرامبەردا ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، دەڵێت: قەڵای شێروانە و بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، چییان پێویست بێت بۆیان دەکەین.
«کۆشکی مەحمود پاشا ناوچەیەکی تەواو شیاوە بۆ بە گەشتیارییکردن، ڕێگایەکی خاکی هەیە نەتوانراوە ڕێگایەکی بۆی قیر بکرێت». مەبەست عەلی، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان وای وت.
هاوکات ساڵح محەمەد سەمین، دەڵێت: کۆشکی مەحمود پاشا لە شوێنێکی ستراتیژیدایە لە ڕێگای کەلار- سلێمانی لە ڕۆخی ڕوباری سیروان، بە چاککردنی ڕێگاوبانەکەی و نۆژەنکردنەوەی، خەڵکێکی زۆر ڕوی تێدەکات.

# »پێویستە یەکەیەکی تایبەتی پۆلیس هەبێت بە بواری شوێنەوارەوە«

### ٥. نەبون و کەمی پۆلیس و پاسەوان بۆ ناوچە شوێنەوارییەکان

یەکەیەکی تایبەتی پۆلیس نییە بۆ پارێزگاریکردن لە شوێنە شوێنەواریی و کەلەپورییەکان، ئاکادیمیستەکان و بەڕێوبەرایەتیەکانی شوێنەوار بونی یەکەیەکی پۆلیس بە پێویست دەزانن.
مەبەست عەلی، پسپۆڕی شوێنەوار و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، لەو بارەیەوە دەڵێت: بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە شوێنە شوێنەواریی و کەلەپورییەکان، پێویستە لە نێو دەزگا ئەمنییەکاندا یەکەیەکی تایبەت هەبێت، کە تەنها ئەرکیان سەرنج خستنەسەر پارێزگاریکردن بێت لە شوێنەوارەکان.
هاوکات ساڵح محەمەد سەمین، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: هەرچەندە پۆلیس و ئاسایش هاوکارمانن، بەڵام شوێنەوار پێویستی بە پۆلیسی تایبەتە، کە ڕۆژانە و هەفتانە سەردانی شوێنەوارەکان بکەن.
دەشڵێت: لەساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣ فەرمانێک دەرچو بۆ دامەزراندنی (١٣٠٠) پۆلیس بۆ شوێنەوار و گەشتوگوزار، ئەمە دڵخۆشکەر بو بۆ ئەوەی کە ببێتە بنکەیەکی پۆلیس و ساڵانە زیادبکات، بەڵام بەداخەوە جێبەجێ نەکرا.
باسی لەوەشکرد: هەریەکە لە مۆزەخانەی شارستانی و مۆزەخانەی کەلەپوریی، پۆلیس و پاسەوانی دیکەیان پێویستە، قەڵای شێروانە لە دەرەوەی شارە و نزیکی فرۆشگای مەی فرۆشتنە، پێویستی بە پۆلیسی زیاترە بۆ پاراستن.
هاوکات محەمەد عەلی، لێپرسراوی مۆزەخانەی کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: لە ڕوی ئەمنییەوە مۆزەخانە بەو شێوەیە ناپارێزرێت، ژمارەی پۆلیس و پاسەوانمان دەبێت زیاد بکرێت.
دەشڵێت: دەیانجار نوسراومان کردوە بۆ بەڕێوبەرایەتی پۆلیس و تەنانەت ڕاستەوخۆ نوسراومان بۆ نوسینگەی وەزارەتی ناوخۆ کردوە بۆ زیادکردنی پۆلیس، هەندێکجار قەڵای شێروانە بۆ هۆی ئەوەی میوانی زۆر بۆ دێت، گیروگرفتی ئەمنیمان بۆ دروست دەبێت.
«نەبونی پۆلیسی پاسەوان گرفتی بۆ دروستکردوین، کاتێک لەلایەن خەڵکەوە زیادەڕۆیی دەکرێتە سەر شوێنەوارەکان، لەم حاڵەتانەدا هەبونی پۆلیس یارمەتیدەرە لە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە، لە ڕێگەیەوە ئەتوانین کاری پێویست ئەنجام بدەین». عوبێد محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری، وای وت.
مامۆستایەکی زانکۆ باس لە پێویستی هەبونی پۆلیسی شوێنەوار دەکا.
مەبەست عەلی، دەڵێت: کاتێک پۆلیسی شوێنەوار هەبێت، ڕاهێنانیان پێدەکرێت و ڕۆشنبیریی و شارەزاییان سەبارەت بەشوێنەوار زیاتر دەبێت و دەزانن چۆن مامەڵە بکەن لە پارێزگاریکردنی شوێنەواردا، بۆیە پۆلیسی شوێنەواریمان پێویستە.

## ٦. زیادەڕۆییکردنە سەر ناوچە شوێنەوارییەکان

زیادەڕۆییکردنە سەر شوێنەوارەکان لەلایەن هاوڵاتیانەوە، یەکێکە لەو دیاردانەی ڕووبەڕووی شوێنە شوێنەوارییەکان دەبێتەوە، بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیانیش دەڵێت: ئیجرائاتی یاسایی دەکرێت بەرامبەر هەر هاوڵاتییەک دەستدرێژیی بکاتە سەر شوێنەوارەکان.

ساڵح محەمەد سەمین، وتیشی: تەپە شوێنەوارییەکان لە لایەن هاوڵاتیانەوە بەمەبەستی کشتوکاڵی دەکێڵدرێن بە پاساوی ئەوەی نەیانزانیوە، بەڵام ٩٠٪ی خەڵکەکە دەزانن کە ئەمە تەپەیەکی شوێنەوارییە و سەدان ساڵە پارێزراوە.

دەشڵێت: حاڵەتمان هەیە لە لایەن ئاسایش و هاوڵاتییانەوە ئاگەدار دەکرێینەوە لەو دەستدرێژیانەی دەکرێتە سەر شوێنەوار، لە گوندی بانئاسیاو حاڵەتی وامان هەیە لە ڕێکاری یاساییدایە.

ئاماژەی بەوەشکرد: بەهۆی دەستکاریکردنی شوێنەوارەکان و بەکارهێنانی ئامێر بۆ گەڕان بەدوای شوێنەواردا، هاوڵاتی هەبوە سزای ساڵ و دو ساڵ زیندانیکردن دراوە.

«حکومەت شوێنەوار و کەلەپوری ئەم وڵاتەی فەرامۆشکردوە، لە ڕوی پارێزگاریکردنیان لەڕێگای جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکانەوە تارادەیەک لاوازە». مەبەست عەلی، پسپۆڕی شوێنەوار و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، وای وت.

دەشڵێت: ڕۆژانە دەبینرێت لە چوارچێوەی پلانسازی و فراوانکردنی شار یاخود کشتوکاڵ و تاڵانی، شوێنەوارەکان ئەشێویندرێن، ئەمەش گومان لە چاودێرکردنی شوێنەوارەکان دروست دەکات.

## ٧. بە ئەلیکترۆنیکردنی زانیاری شوێنەوارەکان و تۆمارکردنی

سنوری گەرمیان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە شوێنەوار، نەبونی زانیاری و سەکۆیەکی ئەلیکترۆنی لەبارەی شوینەوارەکان، گرفتێکی دیکەی پرسی شوێنەوارە لە گەرمیان.

ئارام محەمەد، لێپرسراوی بەشی ئەندازیاری لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: شوێنەوارەکان لە ڕوی زانیارییەوە زۆر دەوڵەمەندن، بەڵام بەشێوەی نوسین و و تۆمارکردن هیچی لەسەر نییە، ئەوەی کە هەیە زانیارییەکی زۆرکەمە، بەشێک لە شوێنەوارەکان بۆچونێکی سادە هەیە دەربارەیان.

دەشڵێت: نازانرێت شوێنێکی شوێنەواریی بۆنمونە ئەگەر بینابێت، بیناکە چۆن دروستکراوە و ڕوبەرەکەی چەندە و کێ دروستی کردوە و دەستی دەرەکی یاخود ناوخۆیی کردویەتی؟ یاخود کەرەستەکانی دروستکردنی چۆن هێنراون؟

جەختیشدەکاتەوە: لە ئینتەرنێت گەڕانێک بکەیت بۆ ناوی شوێنەوارێکی گەرمیان، هیچ زانیارییەکت بۆ ناهێنێت.

هاوکات مەبەست عەلی، پسپۆڕی شوێنەوار و مامۆستای لە زانکۆی گەرمیان، دەڵێت: دەبێت گرنگی بە دیجیتاڵکردنی شوێنەوارەکان بدرێت، بتوانین وایلێبکەین لەسەر ئینتەرنێت بەئاسانی بدۆزرێنەوە، سەرنجی خەڵکی بۆ ڕابکێشرێت و ئاشنای شوێنە شوێنەوارییەکانیان بکەین لە هەرکوێیەکی ئەم دنیایە بێت بیانهێنینە ناو وڵاتی خۆمانەوە.

«بۆ کارەکانی تۆمارکردنی شوێنەوارەکان و کۆکردنەوەی زانیاریی، پێویستمان بەکارمەندە، بۆ ئەوەی یەک یەک تۆماری بکات بەدوای سەرچاوەدا بگەڕێت و سەرچاوەی لەسەر کۆبکرێتەوە».

ئارام محەمەد، لێپرسراوی بەشی ئەندازیاری لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، وای وت.

دەشڵێت: لەسەر ئەرکی خۆمان چەند کارمەندێکین گەڕاوین زانیاریمان کۆکردوەتەوە و سەرچاوەمان هێناوە، بەڵام ئەمە تێری بابەتەکە ناکات، بۆ کەسانێک کە بۆ کارێکی توێژینەوەیان بێت کافی نییە و بە دەرئەنجامێکت ناگەیەنێت.

## ٨. پەرژین نەکردنی شوێنەوارەکان

بەشێکی شوێنەوارەکان ڕوبەڕوی تێکدان بونەتەوە بەهۆی ئەوەی پەرژین «سیاج» ناکرێن.

ساڵح محەمەد سەمین، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: ئەو شوێنەوارانەی تۆژەنی دەکەینەوە پەرژینی بۆ ناکەین، چونکە تەنها تێچونە و سودی نییە، بۆنمونە قەڵای شێروانە کە دەرگای هەیە و پۆلیس و پاسەوانی هەیە، خەڵکی دێن و دەرگاکەی دەشکێنن.

زیاتر وتی: لەسەر قەڵا شوێنەوارمان هەیە کامێرامان بۆ داناوە خەڵکی لە مانگێدا دوجار کلیلەکانی دەشکێنن.

لەهەندێک شوێنەواری دیکەش ئەگەرچی پەرژین و دەرگا و دیواری بۆ کراوە، بەڵام بەوهۆیەی داخراون و فەرمانبەری تێدا نییە، هاوڵاتیان بۆ سەیرکردنیان دەرگاکانیان دەشکێنن، لەنمونەی «ئاسیاوی قازی».

## ٩. گرفتی خانوه کەلەپورییەکان

شاری کفری بە خانوی کەلەپوریی بەناوبانگە، قەرەبونەکردنەوەی ئەم خانوە کەلەپوریانە لە لایەن حکومەتەوە بوەتە مەترسی لەسەر لەناوچونی بەشێکی زۆری خانوەکان.

سالح محەمەد سەمین، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: خاوەنی خانوە کەلەپورییەکان بەرۆکمان دەگرن کە خەریکە خانوەکانیان دەڕوخێت، نە دەتوانن نۆژەنی بکەنەوە و نە بیفرۆشن، چونکە ئێمە رێگری ئەمەین.

دەشڵێت: بەپێی یاسا دەبێت ئەم خاوەن خانوانە بە پارچە زەوییەک قەرەبو بکرێنەوە.

هاوکات عوبێد محەمەد، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری، دەڵێت: خاوەنی ئەم خانوە کەلەپوریانە ئامادەن لەبەرامبەر بە پێدانی پارچە زەوییەک خانوەکانیان بە ئێمە بدەن. کەواتا بۆچی حکومەت زەویان پێنادات و قەرەبویان بکاتەوە؟

عەلی خورشید سەرۆکی شارەوانی کفری، لەوەڵامدا دەڵێت: ئێمە گرفتمان نییە بە زەوی قەرەبویان دەکەینەوە، بۆ ئەو مەبەستە داوامان لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری کردوە کە نوسراو بکەن بۆ وەزارەتی شارەوانی و داوا بکەن لە رێگەی شارەوانییەوە قەرەبوی ئەو خانوە کەلەپوریانە بکرێتەوە.

لە بەرامبەردا عوبێد محەمەد، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری، دەڵێت: نوسرامان کردوە بۆ سەروی خۆمان لە رێگەی شارەوانییەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی، بەڵام وەڵام نەدراوینەتەوە.

لەم نێوەندەشدا، ئەوەی کە خەریکە دەفەوتێت و لەناودەچێت، شوێنە کەلەپورییەکانە.

قادر ئیسماعیل، مامۆستا لە کفری، دەڵێت: شوێنە شوێنەواری و کەلەپورییەکانی شاری کفری بەگشتی لە دۆخێکی خراپدایە، زۆربەی خانوە کەلەپورییەکان روخاون.

## ١٠. زانکۆ بیانییەکان جێگەی حکومەتیان گرتوەتەوە

ئەنجامدانی کاری کنەوپشکنین لە شوێنەوارەکاندا بەهۆی ئەوەی کە تێچویەکی زۆری دەوێت و حکومەتی هەرێم ئەنجامی نادات، تیمەکانی زانکۆ بیانییەکان بەو ئەرکە هەڵدەستن.

سالح محەمەد سەمین، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: کاری کنەوپشکنینی شوێنەوارەکان پارەیەکی زۆری پێویستە، لەروی داراییەوە حکومەتی هەرێم ئەو پارەیەی نییە بتوانین کارەکە بکەین، چونکە سەدان ناوچەی شوێنەواریمان هەیە و توانیومانە تەنها یەک شوێنەوار کاری کنەوپشکنینی بۆ بکەین.

دەشڵێت: تیمی زانکۆ بیانییەکان پاش ئەنجامدانی کاری کنەوپشکنینی سەرەتایی لەو شوێنەوارەی پیشانیان دەدەین ئەگەر شوێنەکەیان بەدڵ بێت گرێبەست لەگەڵ ئێمە و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و بەرێوبەرایەتی گشتی شوێنەوار دەکەن بۆ ئەنجامدانی کاری روپێوی و هەڵکۆڵین.

محەمەد عەلی، لێپرسراوی مۆزەخانەی کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: لەلایەک پەیوەندیەکانمان و لەلایەکی دیکەشەوە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان و ئەنجامدانی توێژینەوەکانمان، کاریگەری گرنگیان هەبو لە هاتنی زانکۆ بیانییەکان بۆ ئەنجامدانی کاری کنەوپشکنین لە شوێنەوارەکانی گەرمیان.

«هەریەکە لە زانکۆکانی (گلاسکۆی بەریتانی، دارسمۆسی ئەمریکی، ساپێنزای ئیتاڵی و بۆڵۆنیای ئیتاڵی)، لە (کانی ماسی، شاخی کورە، شوێنەواری پەیکوڵی، قەڵاکۆن، تەپەی گاور) کاری کنەوپشکنینیان کردوە. زانکۆکانی (گلاسکۆ و ساپێنزا)کاری روپێوی شوێنەواریشیان ئەنجامداوە، زانکۆی گلاسکۆ بەردەوامن لە کنەوپشکنین لە (شاخی کورە، قەڵاکۆن و تەپەگاور)». محەمەد عەلی، وای وت.

بەوتەی سالح محەمەد سەمین، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەرئەنجامی کارەکانی گەڕان و کنەوپشکنینی زانکۆ بیانییەکان «زۆر گرنگ و دڵخۆشکەربون بۆ گەرمیان».

لەوبارەوە وتی: توێژینەوە لەسەر ئەو شوێنانە کراوە و لە گۆڤارە نێودەوڵەتییەکان بڵاوکراونەتەوە، ئەمەش هاندەری تیم و زانکۆ بیانییەکان بوە بێنە گەرمیان کە بزانن گەرمیان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە لەروی شوێنەوارییەوە.



# بەشی سێیەم: کێشەکانی بەڕێوبەرایەتیەکانی شوێنەوار لە گەرمیان

## ١. کەمی کارمەند

هەر یەکە لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان و بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری و هەردو مۆزەخانەی شارستانی گەرمیان و مۆزەخانەی کەلەپوریی، کەمی کارمەند گرفتی بۆ کارەکانیان دروستکردوە.

ساڵح محەمەد سەمین، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: بە کۆی ژمارەی فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و مۆزەخانەی کەلەپوریی و مۆزەخانەی شارستانی، (١٨) فەرمانبەرین، بۆ باشتر بەرێوەچونی کارەکانمان ئەو ژمارەیە زۆرکەمە.

دەشڵێت: فەرمانبەرمان پێویستە لە بوارەکانی: کۆمپیوتەر، ئەندازیاریی، شوێنەوارناسیی، ژمێریاریی و پاسەوان، بەهۆی نەبونی فەرمانبەری کۆمپیتەر ٩٥٪ی کارەکانی کۆمپیوتەر خۆم ئەنجامی دەدەم، لە روی میلاکەوە پێویستییەکی زۆرمان بە ٤٠ بۆ ٥٠ فەرمانبەرە.

ئاماژەی بەوەشکرد: مۆزەخانەی کەلەپوریی قەڵای شێروانە پێویستی بەوەیە بەیانیان و ئێواران کۆمەڵێک فەرمانبەری شارەزا و بەتوانای هەبێت، ئێواران بەتەنها فەرمانبەرێکەوە ناتوانرێت خەڵکی بەڕێبکرێت، لەبەر ئەوەی قەڵای شێروانە شوێنێکی شوێنەواری و گەشتیارییە لەبەر زۆری ژمارەی سەردانکەران فشارمان لە خۆمان کردوە و ئێواران دەیکەینەوە.

هاوکات عوبێد محەمەد، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری، دەڵێت: بەڕێوبەرایەتیمان پێویستی بە کارمەندە بۆ پێکهێنانی یەکەیەکی ژمێریاریی و کارگێریی، کۆی گشتی میلاکمان (١١) فەرمانبەرە، دوای ئەوەی بە فەرمانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بنکەی شوێنەوار و کەلەپوری کفری کرا بە بەڕێوبەرایەتی، ئێستە کە بوین بە بەڕێوبەرایەتی پێویستمان بە (٢٨) فەرمانبەرە بۆ ئەوەی بتوانین هۆبەکان دابنێین.

دەشڵێت: پێویستمان بە فەرمانبەری (ژمێریاریی، وردبینی، شوێنەوارناسیی و یاسایی) هەیە، تەنانەت بەشی یاساییمان نییە کە زۆرێک لە مۆڵکەکانمان لەلایەن هاوڵاتیانەوە زیادەڕۆییان دەکرێتەسەر پێویستمان بە فەرمانبەرە لەو بەشە کاروبارە یاساییەکان بەرێوە ببات.

«جگە لە کارەکانی فەرمانگە، رۆژانە کەشفمان بۆ دێت و بۆ کەشفکردن دەردەچین، بەهۆی کەمی کارمەندەوە ئەو رۆژانەی کەشفی زۆرمان بۆ بێت ناچارێن کارەکانی کەشف ئەنجام بدەین، لەم حاڵەتەدا کارەکانی فەرمانگەمان دوادەکەوێت». حەلیمە وەهاب، لێپرسراوی بەشی پشکنین لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان وای وت.

هاوکات سەروەت حەمدان، لێپرسراوی مۆزەخانەی شارستانی گەرمیان، دەڵێت: مۆزەخانە پێوستی بە چەند ستافێکە، وەک ستافی پێشوازیی، بەرێوبردن و چاککردنەوە «سیانە»، ئەم بەشانە بەهۆی نەبونی کارمەندەوە هیچیان لە مۆزەخانەکەدا بونیان نییە، جگە لەوەی دەبێت ستافی بەرێوبردن کە ئەویش لە (٤) کەس پێک دێت، بەڵام ئێمە ئەو چوارکەسەشمان نییە.

دەشڵێت: نەبونی ستافی تەواو لە مۆزەخانە، گیروگرفتی زۆر دروست دەکات، وادەکات کە نەتوانرێت بە باشی هەمو بە شەکان بەرێوە ببرێت.



دیمەنێکی مۆزەخانەی شارستانی گەرمیان

فۆتۆ: پەیجی بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان

## ٢. گرفتی پێشینە و نەمانی بودجە

پێشینەی مانگانەی بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان بە هەردو مۆزەخانەی شارستانی و کەلەپوریی هەروەها بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری، بڕی ملیۆنێک و ٥٠٠ هەزار دینارە، ئەمەش بە بڕە پارەیەکی کەم دادەنرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان.

سالّح محەمەد سەمین، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: لە ساڵی ٢٠١٣ـەوە بودجە «میزانیە» نەماوە، مانگانە بڕی ملیۆنێک و ٥٠٠ هەزار پێشینەی مانگانەمان هەیە، بەم بڕە پارەیە ئەتوانرێت چ خزمەتێک بە شوێنەوار بکرێت؟

هاوکات عوبێد محەمەد، بەڕێوبەری شوێنەوار و کەلەپوری کفری، دەڵێت: بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان پێشینەی مانگانەیان بەشی خۆیان ناکات نەک ئێمە.

دەشڵێت: نەبونی پێشینەی مانگانە گرفتی زۆر گەورەی بۆ دروستکردوین، تەنانەت پەڕاوگە و پێداویستیەکانی ناو فەرمانگە، بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان بۆمان دابین دەکات.

«پێشوتر ٨ ملیۆن دینار پێشینەی مانگانەمان هەبو، بەڵام ئێستا ملیۆنێک و ٥٠٠ هەزار دینارە، بەو بڕە پارەیەی پێشو دەمانتوانی چارەسەری خێرا بۆ کێشەی ئەو شوێنەوارانە بکەین کە پێویستیان بو، بەڵام ئێستا بە هۆی نەبونی پارەوە شوێنەوارەکان بە بەرچاومانەوە دەڕوخێن و لە بەها شوێنەواریی و کەلەپورییەکەیان کەم دەبێتەوە». سالّح محەمەد سەمین، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، وای وت.

نەمانی بودجە وایکردوە پرۆسەی بەهاناوەچونی ئەو شوێنەوارانەی پێویستیان بە چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەیە، پەکی بکەوێت.

سالّح محەمەد سەمین، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان دەڵێت: بەهۆی بودجەکەوە شوێندەستمان دیار بو، ساڵانە ٧٠٠ بۆ ٨٠٠ ملیۆن دینارمان بۆ دادەنرا، توانیمان لە ڕێگەیەوە چەند قولەیەکی شوێنەواریی نۆژەن بکەینەوە، هەروەها لە کفری چەند شوێنەوارێکی مێژوییمان نۆژەن کردەوە، بەڵام لەساڵی ٢٠١٤ـەوە بودجە نەماوە و ئەو کارانەش پەکیان کەوتوە.

دەشڵێت: داواکارین وا قەیرانەکان بەرەو ڕەوینەوە دەچێت، لەمەودوا گرنگی زیاتر بەشوێنەوارەکان بدرێت و ساڵانە بودجەی خۆمان هەبێت بۆ ڕاییکردنی کارەکانمان.

## ٣. گرفتی ئۆتۆمبێل

بەشێکی زۆر لەکارەکانی بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار مەیدانییە و پێویستی بە ئۆتۆمبێلە، بەڕێوبەرایەتیەکانی شوێنەواری گەرمیان و کفری هیچ ئۆتۆمبێلێکی تایبەت بە خۆیان نییە.

سالّح محەمەد سەمین، بەڕێوبەری شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: بونی ئۆتۆمبێلی تایبەت بە خزمەتگوزاری بۆ بەشی پشکنین و ئەندازیاریی کارئاسانی ترە بۆ فەرمانبەران و ڕاییکردنی کارەکانیان لەدەرەوەی فەرمانگە و شارەکان، بەڵام تائێستا ئۆتۆمبێلی تایبەت بەخۆمان نییە.

دەشڵێت: تەنها یەک ئۆتۆمبێلمان هەیە کە لەلایەن ئیدارەی گەرمیانەوە بە ئەمانەت پێمان دراوە.

هاوکات عوبێد محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری، دەڵێت: نەبونی ئۆتۆمبێل یەکێکە لەو گرفتانەی وایکردوە نەتوانین بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کارەکانمان ئەنجام بدەین.

دەشڵێت: لە گەرمیان دو بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار هەیە، ئۆتۆمبێلی تایبەت بەخۆمان نییە، هەریەکەمان بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆمان و لەسەر تێچوی خۆمان کارەکانی فەرمانگە جێبەجێ دەکەین بەبێ بونی هیچ ئیفادێک.

ئاماژەی بەوەشکرد: چەندینجار نوسراومان کردوە بۆ کڕین یان بەکرێگرتنی ئۆتۆمبێل بۆ ئەوەی کارەکانی ڕۆژانەی بەڕێوبەرایەتی پێ ڕاپەڕێنین، بەڵام وەڵام نەدراوینەتەوە.

«بۆ کارەکانی پشکنینی هاوڵاتی بە ئۆتۆمبێلی خۆیان دەڕۆین، بەڵام کاری فەرمانگە بێت و دەرچون بۆ سەر شوێنەوارەکان بێت، بەو ئۆتۆمبێلەی هەیە دەردەچین». حەلیمە وەهاب، لێپرسراوی بەشی پشکنین لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان وای وت.

دەشڵێت: هەندێکجار بەهۆی کارەکانی دیکەی فەرمانگەوە ئۆتۆمبێل بەردەست نییە، دەبێت چاوەڕێ بکەین هەتا بەردەست دەبێت، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر دواخستنی کارەکانمان.

هەروەک نەوزاد لەتیف، شوێنەوارناس لە بەشی پشکنینی بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: بۆ ئاگاداربون لە بارودۆخی شوێنەوارەکان و هەر دەستدرێژیی و تیکدانێک بۆ سەریان، پێویستە ڕۆژانە و هەفتانە سەردانی ناوچە شوێنەوارەکان بکەین، پێویستە بەشەکەمان ئۆتۆمبێلی تایبەت بە خۆی هەبێت.

## ٤. گرفتی نەبونی تاقیگە و ئامێر

ئەو پارچە شوێنەواریانەی لەلایەن شوێنەوارناسانەوە دەدۆزرێنەوە، کاری تۆژەنکردنەوەیان لە تاقیگەدا پێویستە، بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان تاقیگەیەکیان نییە بۆ ئەو مەبەستە.

نەوزاد لەتیف، شوێنەوارناس لە بەشی پشکنین لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: ئەو پارچە شوێنەواریانەی دەدۆزرێتەوە کە هەزاران ساڵە لەژێر زەویدان، کاریگەرییە ژینگەییەکان بوەتە هۆی تێکچون و خراپبونیان، سیانەکردن و چاککردنەوە و تۆژەنکردنەوەیان پێویستە لە تاقیگەدا بکرێت، نەبونی تاقیگە گرفتی بۆ دروستکردوین.

دەشڵێت: کۆمەڵێک پارچەی شوێنەواریمان هەیە بە هۆی نەبونی تاقیگە و کەرەستەی پێویست، تۆژەنکردوە و چاککردنەوەیان بۆ نەکراوە، ئەمە جگە لەوەی کە هەندێک پارچەی شوێنەوارمان هەیە بەتایبەتی کانزاکان، بەهۆی ژەنگهێنانەوە بە تێپەربونی کات بەرەو خراپبون دەچن.

هاوکات حەلیمە وەهاب، لێپرسراوی بەشی پشکنین لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: ئەو پارچە شوێنەواریانەی دەیاندۆزینەوە چاککردنی سەرەتایی بۆ دەکەین، ئەگەر تاقیگە هەبێت پاراستن و سیانەکردن و چاککردنی باشتری بۆ دەکرێت، بەڵام بەهۆی نەبونیەوە ئەو ڕێگایانە بۆ پارچە شوێنەواریەکان ناگیرێتەبەر.

سەرەڕای نەبونی تاقیگەیەکی ناوەندیی لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، نەبونی ئامێر یەکێکی دیکەیە لە گرفتەکانیان.

نەوزاد لەتیف، شوێنەوارناس لە بەشی پشکنین لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: ئامێری (جیۆفیزیک) یەکێکە لەو ئامێرە پێویستانەی لە هەڵکۆڵینی شوێنەواردا بەکاردێت، ئەم ئامێرەمان نییە، کە یارمەتیدەرە لە دۆزینەوەی شوێنەوارە گرنگەکان لە ژێر زەویدا، لە ڕێگەی ئەو ئامێرەوە بڕیار دەدەین ئەو شوێنەوارە گرنگە کاری تیادا بکرێت، یان ئەگەری مەترسی ڕوخان و لەناوچونی شوێنێک لە ئارادایە.

## ٥. گرفتی بینا

«یەکێک لە کێشەکانمان نەبونی بینایەکی شیاوە، ئەم بینایە خراپ نییە، بەڵام بۆ کارەکانی ئێمە گونجاو نییە، بە پلاستیک ژور و کۆگامان دروستکردوە، بینایەکی و مۆزەخانەیەکی شارستانی پێشکەوتو هاوشێوەی مۆزەخانەی وڵاتانی دەرەوەمان پێویستە». سالح محەمەد سەمین، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، وای وت.

دەشڵێت: ئەو پارچە شوێنەوارییە گرنگانەی ئێمە هەمانە، لە مۆزەخانەی وڵاتانی دەرەوە نییە، بەڵام ئەو دیزاین و تەکنەلۆژیایەی ئەوان بەکاریانهێناوە وایکردوە بە هەزاران خەڵک لە ڕیزی سەرەگرتندابن بۆ چونە ناو مۆزەخانەکانیانەوە، بەبونی بینایەکی شیاو پێشکەوتو ناتوانیت خەڵکی دەرەوە بۆ ئێرە ڕابکێشیت.

هاوکات سەروەت حەمدان، لێپرسراوی بەشی مۆزەخانەی شارستانی لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، دەڵێت: بینای مۆزەخانە پێویستی بە گەورەکردن و فراوانکردنی شوێنی نمایشکردنە، بۆئەوەی پارچە شوێنەوارییەکان جێگۆڕکێیان پێ بکرێت و ئەو گەشتیار و میوانانەی کە ساڵانە دێن هەمان دیمەن نەبینن، بەڵام لەو ڕووەوە گرفتمان هەیە، لە ساڵی ٢٠١٤ەوە کە مۆزەخانەکەمان دامەزراوە تائێستا، هەمان شێوازە.

«گرێبەستمان لەگەڵ زانکۆکانی بەریتانیا و ئیتاڵیا هەیە، کاری کنەوپشکنین دەکەین و لەم کارانەشدا پارچە شوێنەواری گرنگ دەردەکەون، بەڵام شوێنی نمایشکردنمان نییە بۆیان». سالح محەمەد سەمین، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، وای وت.

دەشڵێت: بەهۆی بچوکی مۆزەخانە و نەبونی جێگاوە، پارچە شوێنەوارمان هەیە لە ناو سندوق دامانناوە، حکومەت ساڵانە داوای پلانمان لێدەکات، داواکارین ساڵی پلانێکمان بۆ جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی بینایەکمان هەبێت شایەنی بەڕێوبەرایەتی و مۆزەخانەی شارستانی گەرمیان بێت.

هاوکات عوبێد محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری، دەڵێت: بەهۆی نەبونی بینا لە بینای سەرای کۆنی کفرین کە خۆی شوێنی مۆزەخانەیە، چەند ژورێکی بۆ فەرمانگە بەکاردەهێنین، هەم بۆ بەڕێوبەرایەتییەکە و هەم بۆ گەشتیاریش.

دەشڵێت: پێویستمان بە تەرخانکردنی بودجەیە بۆ دروستکردنی چەند ژورێک لە تەنیشت سەرا بۆ بەڕێوبەرایەتی، هەروەها دروستکردنی مۆزەخانەیەک هاوشێوەی مۆزەخانەی شارستانی گەرمیان.

# بەشی چوارەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

١. گەرمیان یەکێکە لە ناوچە شوێنەوارییە دەوڵەمەندەکان، بەشێوەیەک تەنها لەئێستادا (١٩) ناوچەی شوێنەواریی دۆزراوەی تێدایە، سەرباری چەندین ناوچەی شوێنەواریی دیکە کە یان نەدۆزراوەتەوە، یاخود کاری کنەوپشکنینی بۆ دەکرێت و لەو قۆناغەدایە.

٢. ئاستی خستنەرووی داتا و زانیاریی و لێکۆڵینەوەی جیاواز لەبارەی ئەو ناوچە شوێنەوارییانە وەکو پێویست نییە، ئەمەش بەهۆی نەبونی ماڵپەڕ و ئەپی دیجیتاڵی تایبەت کە زانیارییە لەبارەیانەوە بەردەست بخات.

٣. سەرباری بونی ئەو ناوچە زۆرانە، بەڵام گرنگپێدانیان لەئاستی پێویست نییە، بەشێوەیەک زۆرینەی ئەو شوێنەوارانە مەترسی روخان و لەناوچونیان هەیە. ئەمە جگە لەوەی رێگاوبانەکانی گەیشتن بە شوێنەوارەکانیش زۆر گونجاو نین و پێویستیان بە چاکسازییە.

٤. ئەگەرچی ژمارەی ناوچە شوێنەوارییەکان کەم نین، بەڵام نەتوانراوە لە روی بەکارهێنانیان بۆ بواری گەشتیاریی، سودیان لێببینرێت.

٥. ئەو بودجەیەی دانراوە بۆ کەرت و بواری شوێنەوار، کەم و سنوردارە، بەرادەیەک نەک هەر بەشی کارکردنی جیدی لە شوێنەوارەکاندا ناکات، بەڵکو تەنانەت بۆ بەڕێوبردنی بەڕێوبەرایەتییەکانی ئەم بوارەش هەر کەم و سنوردارە.

٦. بەرپرسانی بواری شوێنەوار لە گەرمیان پێیانوایە جیاکارییان بەرامبەر دەکرێت، لەوەی پەسنی شاری دیکەیان بەسەردا دەدرێت لە ئەنجامدانی پرۆژەی شوێنەواریی دا.

٧. ناوچە شوێنەوارییەکانی گەرمیان روبەڕوی دەستدرێژیی دەبنەوە لەلایەن هاوڵاتیانەوە، جا بۆ کاری کشتوکاڵی بێت یاخود تێکدانی بە ئەنقەست، جگە لەوەش ناوچە شوێنەوارییەکان کێشەی نەبون و کەمی کارمەندی پاسەوان و پۆلیسیان هەیە، ئەمەش هەم کێشەیە بۆ پاراستنیان، هەم بۆ بەکراوەیی هێشتنەوەیان.

٨. دو بەڕێوبەرایەتی تایبەت بە شوێنەوار لە گەرمیاندا هەیە (گەرمیان و کفری)، ئەمانیش چەندین بەش و هۆبەیان لێدەبێتەوە، بەگشتی هەردو بەڕێوبەرایەتییەکە کێشەی زۆری ئیداریی و توانای مادیی و مرۆییان هەیە. هەرچی بەڕێوبەرایەتی کفرییە بەوپێیەی تازە دامەزراوە و لە گەرمیان جیابوەتەوە، خاوەنی پەیکەری ئیداریی تەواو نییە و تائێستاش هەندێک لە کاروبارەکانی لەلایەن بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیانەوە بۆ رایی دەکرێت. هەرچی گەرمیانیشە خۆیشی کێشە و ئاستەنگی جۆراوجۆری هەیە.

٩. هەردو بەڕێوبەرایەتیەکە کێشەی جۆراوجۆریان هەیە، لەوانە: کێشەی کەمی ژمارەی فەرمانبەر. کێشەی نەبونی پسپۆڕیی لە هەندێک بواری وەکو: ئەندازیاریی و ئایتی و ژمێریاریی و یاسایی. کێشەی نەبونی ئۆتۆمبیل بەشێوەیەک هەردو بەڕێوبەرایەتییەکە یەک ئۆتۆمبیلیان هەیە و ئەویش هی ئیدارەی گەرمیانە و لەلایان دانراوە. کێشەی نەبونی بودجە و پێشینەی گونجاو و پێویست. نەبونی بینای تایبەت و گونجاو.

١٠. لەسنورەکەدا هیچ تاقیگەیەک نییە بۆ ئەوەی لەو تاقیگانەدا پشکنین لەو پارچە شوێنەوارییانە بکرێت کە دەدۆزرێتەوە، هاوکات هیچ ئامێرێکی پێشکەوتوی گەڕان و کنەوپشکنین لە بوارەکەدا بونی نییە.

١١. لەپاڵ ئەوەی بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبونی بودجەی پێویستەوە حکومەت خۆی ناتوانێت کاری کنەوپشکنین بۆ ناوچە شوێنەوارییەکان بکات، هەندێک زانکۆ و رێکخراوی جیهانی هاتونەتە ناوچەکە و بەهاوکاری بەڕێوبەرایەتییەکانی شوێنەوار بەدواداچون بۆ ئەو بوارە دەکەن و لەمڕوەشەوە دەستکەوتی باشیان هەیە.

١٢. هەریەکە لە مۆزەخانەی شارستانی و مۆزەخانەی کەلەپوریی گەرمیان، دو لە دیارترین روکارەکانی ناساندنی شوێنەوارن لە سنورەکە، بەڵام هەردوکیان بەدەست چەندین کێشەوە دەناڵێنن و ماوەی زیاتر لە ١٠ساڵیش دەبێت گۆڕانکاریی لە دیزاین و شێوەیاندا نەکراوە و بون بە دو مۆزەخانەی تەقلیدی.

## دوەم: ڕاسپاردەكان

١. وەک لە راپۆرتەكەماندا بەدیاركەوت، شوێنەوارەكانی گەرمیان مەترسی لەناوچون و خراپبون و تێكدانیان هەیە، ئەمەش حاڵەتێكی مەترسیدارە و پێویستە حكومەت بە جیدی كاری لەسەر بكات، بەشێوەیەک پۆلینكاریی بۆ ناوچە شوێنەوارییەكان بكات لەسەر ئاستی هەرێم و بەپێی ئەوەی كەمیان زیاتر روبەڕوی مەترسی لەناوچون دەبنەوە، كاریان بۆ بكرێت.

٢. هەر پەیوەست بە پاراستن و رزگاركردنی ناوچە شوێنەوارییەكان لە فەوتان، هانی دەزگا حكومییە پەیوەندیدارەكان دەدەین كە سندوقێكی تایبەت رابگەیەنن بەم بوارە و سەرمایەدار و خاوەنكارەكان بەشداریی لە پارەداركردنیدا بكەن، ئەمە سەرباری ئەوەی دەتوانرێت لەبەرامبەر ئەنجامدانی بەشێک لەو پرۆژە وەبەرهێنانەی لە ناوچەكەدا هەن، كۆمەک بۆ پاڵپشتی بواری شوێنەواریی كۆبكرێتەوە.

٣. پەیوەندیدار بە پاراستنی ناوچە شوێنەوارییەكان، كێماسیەكی گەورەی ئەو بوارە نەبونی پاسەوان و هێزی پۆلیسی پێویستە، بۆیە گرنگە حكومەت چارەسەری خێرا و بە پەلەی ئەم بۆشاییە بكات بۆ ئەوەی مەترسیی بۆسەر ناوچە شوێنەوارییەكان دروست نەبن.

٤. لەبواری رێكخستنی زانیاریی لەبارەی ناوچە شوێنەوارییەكاندا، گرنگە حكومەت و بەڕێوبەرایەتیەكانی بەرنامەیەک دەستپێبكات بۆ داتاكردنی هەمو ناوچەكان و كۆكردنەوەی زانیاریی تەواو لەبارەیانەوە بەشێوەی دیجیتاڵی و بە زمانە زیندوەكانی جیهانی، ئەمەش چ وەكو ماڵپەڕ یان وەكو ئەپی مۆبایل بەردەست بخات، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەک بۆ ناساندنی زیاتری ئەو ناوچە شوێنەوارییانە و پێدانی زنیاریی زیاتر لەبارەیانەوە و راكێشانی سەرنجی گەشتیاران. بۆ ئەمەش دەتوانرێت سود لە كەسانی خۆبەخش و پسپۆڕ لە بوارەكەدا وەربگیرێت.

٥. لەناوچەكەدا دو زانكۆ هەیە، بەڵام ئەم زانكۆیانە هیچ بەشێكی تایبەت بە شوێنەواریان نییە، لەكاتێكدا رەنگە زۆر گونجاو بێت بەشی ئەكادیمی بۆ ئەم بوارە هەبێت. بۆیە هانی زانكۆكان دەدەین بۆ كردنەوەی بەشی تایبەت بە شوێنەوار.
لەلایەكی دیكەوە هەست بەوەناكەین زانكۆكانی سنورەكە و بەڕێوبەرایەتیەكانی شوێنەوار پەیوەندییەكی دروست و بە بەرهەمیان لەنێواندا هەبێت، ئەمەش لە نەبونی هیچ چالاكییەكی ئەكادیمی هاوبەشدا دەردەكەوێت.
بۆیە هانی زانكۆی گەرمیان و زانكۆی پۆلیتەكنیكی گەرمیان لەلایەک و بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان و بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری كفری لەلایەكی ترەوە دەدەین، بۆ ئەوەی پەیوەندییەكی دروست بونیاد بنێن و بتوانن پێكەوە كاری هاوبەش ئەنجام بدەن و هاوكاریی یەكتری بكەن.

٦. پێویستە بیر لەوە بكرێتەوە ناوچە شوێنەوارییەكانی سنورەكە وەكو پرۆژەی گەشتیاریی سودیان لێببینرێت، بۆ ئەمەش گرنگە كۆنفرانس و دیداری تایبەتمەند ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی تیایدا ئەو كەسانەی پسپۆڕن لە بواری شوێنەواریی و گەشتیاریی و دارایی لەگەڵ لایەنە حكومییە پەیوەندیدارەكان، هەوڵی دۆزینەوەی ئالیەت و میكانیزمی گونجاو بدەن كە بتوانرێت لە رێگەیەوە پەرە بەم بوارە بدرێت.

٧. هاتنی تیمی زانكۆی بیانی و رێكخراوی نێودەوڵەتی بۆ ناوچەكە و ئەنجامدانی پرۆژەی كنەوپشكنین كردن، زۆر گرنگە، پێویستە حكومەت بەردەوام بێت لە ئەنجامدانی ئەم كارانە و هانی تیمی زیاتری زانكۆ و رێكخراوەكان بدات بۆ ئەنجامدانی كاری هاوشێوە، بەتایبەتی كە حكومەت لەئێستادا بە هۆكاری نەبونی توانای دارایی خۆی ناتوانێت ئەو كارانە ئەنجام بدات. سەرباری ئەوەی ئەم كارانە تیمی ناوخۆییش لەگەڵیاندا بەشدار دەبن و دەبنە مایەی پێگەیشتنی زیاتریان و قاڵبونەوەیان لە پرۆسەی مامەڵەكردن لەگەڵ شوێنی گەشتیاریی دا.

* ستافی یەكەی چاودێری حكومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین كامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net